یەکەمینماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# فرۆشتنی

# ڕەحمەتە نەوەک زەحمەت

# لەگەڵ

# حوکمە شەرعییەکانی

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba۸.org - walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ دوان و سیان و چواردا حەڵاڵ کردووە و شەرعاندووە و سەڵات و سەلامیش لەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە ئەم شەرعەی وەکو خۆی جێ بەجێ کردووە و دادپەروەر بووە لەم بابەتەدا : أمّا بعد:

خوای گەورە هیچ شتێك ناشەرعێنێت ئیلا سوود و بەرژەوەندی تێدایە بۆ خەڵکی چونکە خوای گەورە دانا و کاربەجێیە و زانایە بە کاروبار و حاڵی بەندەکانی خۆی، هەروەها پێغەمبەری خوایش صلى الله عليه وسلم هیچ شتێك لە خۆیەوە ناڵێت بەڵکو بە وەحی قسە دەکات و فەرمایشتی خودی خۆی نییە، بۆیە

هەرچی بڵێت حەق و ڕاستیە و هەرچیش ئەنجام بدات لە کردار ڕاست و تەواوە، چونکە هەموو کردار و گوفتارەکانی بەفەرمان و ئیزنی خوای پەروەردگار بووە، لەوانەش بابەتی فرەژنی، خوای گەورە شەرعاندوویەتی لەبەر چەندین حیکمەت و نهێنی و مەبەستی چاك و بەسوود بۆ تاك و کۆمەڵگا، ئەوەش لەپێناو پاکڕاگرتنی کۆمەڵگا لە فەساد و خراپە و تاوان و پارێزگاریەکیش بێت بۆی لە دڵەڕاوکێ و ژیاندۆستی، بۆ ئەوەی پاك و خاوێن بێت لە پیسی و چەپەڵی گوناهـ و نەبوونی متمانە و نەخۆشی قیزەون، چونکە زۆربوونی ژمارەی ئافرەتان بەبەراورد بەپیاوان سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی تاوان و خراپەکانی و هەژاری و نەخۆشی

جەستەیی و دەروونی ودڵەڕاوکێ و هەستکردن بەنامۆیی و بێزاری و شتی تریش.

با هەریەکێك بیر لەوە بکاتەوە کە کچەکەی یان خوشکەکەی لە کاروانی هاوسەرگیری بەجێ ماوە لەبەر هۆکارێك، و حاڵی ئەو قەیرە یان بێوەژن و تەڵاقدراوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی، کەسیش ئامادە نەبێت خوازبێنیان لەگەڵدا بکات؟!

ئایا ئەو جۆرە ئافرەتانە گەنجانێکی تازە پێگەیشتوو دەچنە خوازبێنیان؟

ئەی چی دەبوو ئەگەر خوای گەورە فرەژنی ڕەوا نەکردایە؟ ئایا چارەنووسی ئەوا ئافرەتانە چی دەبوو کە

چاوەڕێن نیو یان چارەکە پیاوێکیشیان هەبێت کە سەرپەرشتی و چاودێریان بکات؟

بۆیە لێرەوە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە خودی فرەژنی لەبەرژەوەندی ئافرەتدایە سەرەتا پێش ئەوەی لەبەرژەوەندی پیاودا بێت، چونکە ئەوە ستەمێك نییە لە ئافرەت وەکو وا گومان دەبرێت، و ئەو کەسەشی فرەژنی شەرعاندووە خوای پەروەردگارە کە لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: «يا عبادي إني حرّمتُ الظُّلم على نفسي، وجعلته بينكم محرَّمًا؛ فلا تظالَموا» [رواه مسلم] واتە: ئەی بەندەکانم من زوڵم و ستەمم لەسەرخۆم حەرام کردووە ، و لەنێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە ؛ کەواتە ستەم لەیەکتری مەکەن .

## فرەژنی ڕەحمەتە نەوەک زەحمەت

ئایا دەگونجێ خوای گەورە ستەمی حەرام کردبێت و پاشان فرەژنی حڵاڵکردبێ کە ستەمیش بێت لە ئافرەت؟

نەخێر هەرگیز ناگونجێت، چونکە ئەو خۆی ئافرەتی دروست کردووە و زانایە بە حاڵی و دەزانێت کە فرەژنی زیانی پێ ناگەیەنێت ، خوای گەورە دەفەرموێت: {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} واتە: ئایا خوایەك کە خۆی دروستکراوەکانی دروست کردووە ئاگای لە خۆیان و نهێنیەکانیان نیە، بەڵێ بێگومان ئاگای لێیانەو خۆی شارەزاترە بە دروستکراوەکانی کە چ یاساو شەریعەتێك بۆیان گونجاوە ئەوەی بۆ تەشریع کردوون، وە هەر خوای گەورە زۆر بەبەزەییە، وە زانیاریەکی زۆر وردی هەیە .

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ : {قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ} واتە: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا ئێوە باشتر ئەزانن و زاناترن یان خوا؟

خوای دانا و زانا فرەژنی شەرعاندووە لەبەر بەرژەوەندی ئافرەت بۆ ئەوەی بێبەش نەبێت لە کرداری هاوسەرگیری و لەبەر بەرژەوەندی پیاو لەبەر پەکنەکەوتنی سوودەکانی و لەبەر زۆربوونی ئوممەتیش، بۆیە ئەمە بڕگەیەکە لەلایەن خوایەکی دانای و کاربەجێوە شەرعێنراوە و جێگە و شیاوی تانەلێدان نییە بەهیچ کلۆجێك و کەس نییە پێی قەڵس بێت مەگەر نابینایەك کە تاریکی و گومڕایی بەسەر چاو وناخیدا هاتبێت.

## فرەژنی لە کۆمەڵگاکانی تردا

تەنها ئێمە نین کە داوای فرەژنی دەکەین، بەڵکو وڵاتە بێباوەڕەکانیش وا دەستیان کردووە بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی فرەژنی دوای ئەوەی بینیان چی بەسەر کۆمەڵگاکانیان هات لە تێکچوون و لادان لەدەرئەنجامی زۆربوونی ژمارەی ئافرەتە سۆزانیەکان و بووە بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەیان و لەژێر هەڕەشەی نەخۆشیشدان، بۆیە ئەوانەیان کە شتێك دەزانن لەسەر ئاینی ئیسلام ئاواتەخوازن بڕگەی فرەژنی جێ بەجێ بکرێت و تەنانەت دینی ئیسلامیش کەم تا زۆر پەیڕەو بکرێت و لەو پێناوەدا هەندێ لە ڕۆشنبیرانیان داواکاری ئەوەن کە ڕێگەبدرێت پیاوێك چەند ئافرەتێك خێزانی

بێـت بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە زۆرانە لە ژیانی بێ ئومێدی ڕزگاریان بێت و ببن بە دایکی منداڵ و پەروەردەکار و ماڵ بەخێوکەر و بەرپرسیارێتی وەربگرن، تەنانەت نووسەری ئینگلیزی ( برتراندرسل) دەڵێت: پەیڕەوکردنی ئەو بەرنامەیەی کە هەر دەبێت یەك ژن بۆ یەك پیاو بێت ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە ژمارەی ژنان و پیاوان بەتەواوەتی وەکو یەك وەها بن بەبێ زیادوکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆخەکە بەو شێوەیە نییە و ژمارەی ئافرەتان زۆر زیاترن و لەهەمان کاتیشدا پەیڕەوکردنی تاکژنی ئافرەتی قەیرە لەنێو کۆمەڵگادا زیاد دەکات و بەدوایشیدا کێشە و ئاستەنگ دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات.

## هۆکارەکانی پێویست بوونی فرەژنی

**یەکەم** : سوننەتی خوای گەورە وەهایە لە دونیادا کە هەمیشە ژمارەی ئافرەتان زیاترن لە پیاوان و ئەوەش لەبەر ئەو شەڕ و جەنگە گەورانەی کە دروست دەبن و ڕووداوی ئۆتۆمبێل و هاوشێوەی ئەمانە کە زیاتر پیاوان دەبنە قوربانی، جا بۆیە هەر ئافرەتێك بەتەنها بۆ یەك پیاو بێت ئەوا ئافرەتانێکی زۆر دەمێننەوە بەبێ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن، و دواتریش سەرهەڵدانی خراپە و زینا و داوێنپیسی ولەشفرۆشی و ناپاکی وەکو دەبینین لەوڵاتانی بێگانەدا.

دووەم : یان لەوانەیە ئەو پیاوە کە ئەو تەنها ئافرەتەی هێناوە منداڵی نەبێت و ئەم پیاوەش بەئومێدی منداڵەوە بمێنێتەوە، یان خێزانەکەی تووشی نەخۆشیەکی درێژخایەن بێت، جا ئایا لەم حاڵەتەدا چی بکات ؟ ئایا تەڵاقی بدات لەبەر ئەوەی نەخۆشە یان منداڵی نابێت؟ یان لەگەڵ خۆیدا بمێنێتەوە و دابنیشێت بەبێ منداڵ و بەنەخۆشیەوە؟!

ئەگەریش بێتو تەڵاقی بدات لەبەر ئەو حاڵە ئەوا بەڕاستی بێ وەفاییە و ستەمە لەو ئافرەتە و ئەگەریش بەو شێوەیە لەگەڵیدا ژیان بەسەر ببات ئەوا دیسان ستەمە لەخۆی، بۆیە تاکە ڕێگا و تەنها چارە ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە وەکو خێزان و هاوسەری ئەو پیاوە بمێنێتەوە

بەڕێزەوە و ئافرەتێکی تر خوازبێنی بکات و مافی هەردووکیانیش وەکو یەك بدات.

سێیەم: دیسانەوە ئافرەتی وا هەیە توانا و وزە و تاقەتی جنسی نییە یان کەمە و سنووردارە وسروشتی بەو شێوەیەیە و پیاوەکە بەپێچەوانەوە توانا و حەزێکی زیادی هەیە بۆ ئەو کارە، جا لەم حاڵەتەدا ستەم لەکامیان بکرێــت و واز لە مافی کامیان بهێنرێت؟

ئایا بەو شێوەیە دابنیشێت و خۆی بگرێت یان تووشی لادان و خراپە ببێتەوە تەنها لە پێناوی ڕەچاوکردنی هەستی خێزانی یەکەمی؟ یاخود هاوسەرگیری بکات؟ ئایا کامیان باشتر و بەسوودترە؟

چوارەم : ئافرەتان هەمیشە ئامادەن بۆ هاوسەرگیری، چونکە ئەرکی پەیداکردنی بژێویان لەئەستۆ نییە و تێچووی پرۆسەی هاوسەرگیریەکە لەئەستۆی ئەوان نییە، بەپێچەوانەی پیاوەوە کە دەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکات و ئامادەسازی بکات بۆ ئەوەی توانای مادی ئەو کارەی هەبێت، جا کە کارەکە بەم شێوەیە بوو ئایا دەگونجێت ئافرەتان پەکبخرێن و پشتگوێ بخرێت لەهاوسەرگیری لەکاتێکدا ئامادەن؟

بۆیە گەر گەنجانێك توانای مادیان نەبێت ئەوا بێگومان پیاوانێکی زۆری خێزاندار توانایان هەیە و دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، جا ئایا ئەم پیاوانە بۆیان نەبێت هاوسەرگیری بکەن و ئەو ئافرەتانە بەکچێتی بمێننەوە؟! ئەمە کارێکی دادپەروانەیە؟

## خۆپەرستی ئافرەت

ئێمە کە باسی فرەژنی دەکەین داوا دەکەین بەهێنانی هاوسەری دووەم لەئافرەتێکی بێ هاوسەر کەبەدوای مێرددا دەگەڕێت تەنانەت نیو یان چارەکە مێردێك، کەچی هەندێ لە ئافرەتانن هەیە حەز بەمە ناکەن و زمانی حاڵیان دەڵێت: وازی لێ بهێنن بەبێ هاوسەر و مێرد با بمێنێتەوە ئەگەریش موسڵمانیش بێت، با بمرێت بەو حاڵەیەوە و لەبەشی مێردی من نەبات. کە ئەمەش لەڕاستیدا خودپەرستی زیاتر هیچی تر نییە وهەست نەکردنە بە بەزەیی هاتنەوە بە ئافرەتانی موسڵمانی تردا کە دەرئەنجامی سۆز و عاتیفەیەکی سۆزداری تەنهایە بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیە شەرعییەکان کە فرەژنی

لەخۆی دەگرێت، چونکە چ خێرێك لەوەدا هەیە کە هەندێ لە ئافرەتان ڕێگربن لەوەی ئافرەتانی تر مێردیان هەبێت و ببن بە خاوەن ماڵ و منداڵ؟

ئایا ئەو تاوانە چییە کە کردوویانە وەها شایستەی ئەم سزا و تۆڵەیە ببن وبێبەش بکرێن لە سۆز و خۆشەویستی وژیانی دونیایان بە ڕەبەنی بەسەرببەن؟

ئایا ویژدانت ڕێگەت دەدات کە ئەوانە ببن بەقوربانی و چێژ لە ژیان نەبینن تەنها لەبەر حەزێکی تۆ و وات لە مێردەکەت کردووە کردوتە بەئەڵقە لەگوێی خۆت و هەمیشە لە خولگەی تۆدا دەسوڕێتەوە و بەچاویلکەی تۆوە سەیری دەوروبەری دەکات، ئەگینا چی ڕوو دەدات ئەگەر لەپاڵ تۆدا هاوسەری دووەم و سێ یەم و

چوارەم هەبێت؟ مادام مێردەکەت توانای بەخێوکردنیانی هەبێــت بە یەکسانی و دادپەروەری...

ئایا تۆ خاوەنی مێردەکەتی و موڵکی تۆیە و خاوەندارێتیەکەی بۆ تۆ دەگەڕێتەوە وەها داگیرت کردووە؟ یان تەنها حەسوودی و خۆپەرستیە و هیچی تر؟

دەبا هەموو ئافرەتە مێرددارەکان خۆیان بخەنە جێگەی ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان نییە و چاوەڕێن یەکێك لە دەرگایان بدات و بەحەڵاڵی بچنە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان و لەژیانی گەرموگوڕی خێزانداری بێبەش نەبن. با هەست بەو ناخۆشیەی ئەوان بکەن.

لە دادپەروەریەوە کە ئافرەتێك بیر لە خوشکە موسڵمانەکەی بکاتەوە و بزانێت چارەنووسی ئەو بەستراوە بە حەزێکی خۆپەرستی ئەمەوە، ئەوە وای کردووە ئەو لە ژیانێکی تاڵ و ناسۆریدا ڕۆژەکانی تەمەنی بگوزەرێنێت و بێبەش بێت لە ژیانی هاوسەرێتی و ببێتە قوربانی دەستی خوشکێکی مێرداری و دەرگای ئەو خێرەی بەڕوودا دابخات.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر ئەو ئافرەتە بەو شێوەیە بمێنێتەوە و کەس نەیخوازێت ئەوا ئەگەری ڕوودانی خراپەی لێدەکرێت و دەشێت بارودۆخی دارایی پاڵی پێوە بنێـت بۆ ئەو کارە و بەوەش دین و دونیای لەدەست دەچێت و شەرەف و ناموسی لەکەدار دەبێت.

## دادپەروەری نێوان هاوسەران

ئەمە یەکێکە لە هەرە واجبە گرنگەکانی نێوان هاوسەران و خوای گەورە فەرموویەتی: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ} [النحل: ٩٠]

موسڵمان واجبە لەسەری کە دادگەربێت لە هەموو بوارەکانی ژیانی دینی و دونیاییدا، لەوانە دادپەروەری نێوان هاوسەران کە کارێکی لەپێشینەیە بۆ ئەوانەی زیاد لەیەك خێزانیان هەیە و لەو بارەیەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بکاتە سەرمەشقی خۆی کە چۆن دادگەربووە و مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە بەتایبەت خێزانەکانی.

بۆیە ئەوەی ڕوو دەدات لەنادادگەری و ستەم کردن لەلایەن هەندێ مێردەوە بەرانبەر بە هاوسەرانی ئەوە گشتگیر ناکرێت و تەنها خۆیان بەرپرسیارن لەو ڕەفتارەیان و وایان کردووە دیاردەی فرەژنی ببێتە بڤە و مەترسیەکی گەورە لەسەر ژیانی ئافرەت، بۆیە ئەو ئافرەتانەی کە لە بابەتی فرەژنی دەترسن ئەوە لەڕاستیدا لە نادادپەروەریەکەی دەترسن بۆیە ئەمەش هەڵە نییە لە شەرعدا بەڵکو هەڵە لە بواری جێبەجێکردنەکەدایە و هەڵسوکەوتی لاری ئەو مێردانەدایە، چونکە ئەگەر ئەو مێردانە دادگەربن لە نێوان هاوسەرانیاندا ئەوا کێشە نامێنێت و ئەو ترسەش دەڕەوێتەوە و دیاردەی فرەژنیش زۆرتر و زیاتر دەبێت.

جا بۆیە ئەو جۆرە پیاوانەی کە ستەمکارن ئەوا لەڕاستیدا چارەسەرەکەی ئەوە نییە کە بابەتی فرەژنی بنبڕ بکرێت بەڵکو دەبێت لەخودی کەسەکەوە بەدوای چارەدا بگەڕێیت نەوەك دیاردەیەك و بڕگەیەك لەشەرع پەك بخەیت لەو پێناوەدا.

ئایا کەسی ژیر ئەوە بەمێشکیدا دێت بۆ ئەوەی تاوان و ستەمێك نەمێنێت تۆ بێیت مامەڵە و تێکەڵی نێوان خەڵکی بچڕێنیت بەو بیانوەی کە تۆ دەتەوێت قەڵاچۆی تاوان بکەیت! ئەی ئایا بەلابردن و ڕێگەنەدان بە فرەژنی ئیتر کەس ستەم ناکات و هەموو تاکێك دادپەروەر دەبێت؟ ئەی بیرلەوە نەکراوەتەوە کە سوودەکانی فرەژنی پەکیان دەکەوێت و هەموو ئەو بەرژەوەندیانەی کە هەیەتی لەکاردەکەون و دواتریش بەزیانی کۆمەڵگا دەشکێتەوە؟

## تانەدان لە فرەژنی هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام

زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەرکەس نکۆڵی شتێك بکات لە ئیسلامدا و ڕقی لێ بێت ئەوا لەدین هەڵدەگەڕێتەوە و ئەوانەی ئینکاری فرەژنی دەکەن و بەستەمی دەبینن یان ڕقیان لێیەتی لەوەی شەرعێنراوە و خوای گەورە ڕێگەی داوە گومان لە کافربوونیان نییە و بیانوەکەش ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی: {ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ} [محمد: ٩].

واتە: چونکە ئەو قورئانە پیرۆزەی کە بۆ سەر پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزی ئەوان پێیان ناخۆش بوو ڕقیان لێ بوو بۆیە خوای گەورە کردەوەکانی بەتاڵ کردنەوە.

کەواتە نابێت ڕقت لە هیچ حوکم و فەرمانێکی خوا بێت.

## چرپەیەك بەگوێی هەموو هاوسەراندا

ئێمە داوای ئەوە ناکەین کە ئافرەت غیرەی نەبێت چونکە ئەوە سروشتێکە لە گیانیدا خولقێنراوە و ناتوانرێت کەس دەستبەرداری ببێت، بەڵکو ئەوە دەڵێین کە ئەم غیرەیە پاڵی پێوە نەنێت بۆ ئەوەی لەڕووی حەزی مێردەکەیدا بوەستێت و ببێتە دەرگایەکی نەکراوەی ڕێگر و نەهێڵێت ژنی تر بهێنێت و لەو پێناوەدا دەست بکات بەفێڵ و تەڵەکە و پیلانگێڕان و تەڵاق و دوورکەوتنەوە و تێکدانی ئەو ماڵەی کە چەندین ساڵە پێکەوەی ناوە، یان وەها بیربکاتەوە کە ئەو ئافرەتەی ڕازی بووە مێرد بەم پیاوە بکات ئەوا ئیتر ئەم مێردەی لەدەست دەردەکات و منداڵەکانی هەتیو دەکەون و ماڵەکەی دەڕوخێت و

ئەمیش هەست بەڕیسوایی دەکات، بۆیە دەبێت هەریەکە وسنوری خۆی بزانێت و نەیبەزێنێت، و غیرە وات لێ نەکات خوا و مێردەکەتیش لەخۆت تورە بکەیت بەڵکو بەپێچەوانەوە و خوا لەخۆت ڕازی بکە و خۆشەویستی مێردەکەت کۆتایی پێ مەهێنە بەو ڕەفتارەت، و ئەو ماڵەی بە بەشداری خۆت و مێردەکەت پێکەوەتان ناوە مەیڕوخێنە و مەیکە بەماڵی جاڵجاڵۆکە و بۆ هەمیشە خۆت تەسلمینی خەم و خەفەت مەکە. بخوێنەوە کە پێغەمبەر و هاوەڵانیش زیاد لەیەك هاوسەریان هەبووە کەچی یەکێکە لەو هاوسەرانە ڕای نەکردووە لەماڵ و ماڵی بەجێ نەهێشتووە لەبەر ئەوەی مێردەکەی ژنی تری هێناوە هاوکات غیرەشان هەبووە.

## پێویستێتی چەسپاندنی

## بابەتی فرەژنی و هاندان لەسەری

لەوەی ڕابورد ئەوە ڕوون بوویەوە بۆمان کە بابەتی فرەژنی چەند پێویستە گرنگی پێبدرێت و لەنێویەکتردا هاریکاری یەکتربین لەسەری و بەکردارەکی ئەو بابەتە پێش چاو بخرێت بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەتێگەیشتن و گومانی خراپ پێ بردنەی کە دروست بووە لەسەری تا ئاستێك کە خەڵکانێك بەستەم کردن و خواردن و پێشێل کردنی مافی ئافرەتی لەقەڵەم دەدەن و تەنانەت بە ناپاکیش لێکی دەدەنەوە. جا بۆیە ئەم بابەتە ئەمڕۆ زیاتر پێویستمان پێی دەکەوێت و سبەینێش زیاتر.

جا بەو بۆنەیەوە دوو ئاڕاستە یان دوو لایەن هەن کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت ئەو بابەتە جوان و وەکو خۆی بخاتە پێش چاو و بانگەوازی بۆ بکات و خەڵکی لێ هۆشیاربکاتەوە کە ئەمانەن:

١. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن: ئەمەش بەهەموو هۆیەکانیەوە، بەنووسین و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کردن لەسەری و بەرچەرچدانەوەی هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانەوێ شکست بەم بابەتە بهێنن و تەمومژی بۆ دروست بکەن لەمیانەی نمایش کردنی زنجیرە فیلم و کورتە فیلم و هاوشێوەکانی.

٢. وتاربێژی مزگەوتەکان: ئەوەش بە تەرخان کردنی وتار و وانە لەسەر گرنگی ئەم بابەتی فرەژنیە و پێوستی

ئەم دۆخ و سەردەمە بۆ ئەم بابەتە و ڕێگری نەکردنی ئافرەتان لێی و پێشکەش کردنی بەخەڵکی لە هەینی و کورتە وتاری ڕۆژانەدا ناو بەناو و قۆستنەوەی هەل و فرسەتەکان و بەتایبەت لە ڕەمەزاندا کاتێك ئافرەتان بە زۆری ئامادەی نوێژ و مزگەوت دەبن.

جا بۆیە ئەگەر بێتو ئەم بابەتە بەم شێوە هەماهەنگیە ئەنجام بدرێـت و هەوڵەکان یەکبخرێن و ئەوا بێگومان سەنگێکی زیاتری دەبێت و بەوەش کاریگەریەکی بەرچاوتری ئەبێت و ئەم پرسەش ئاسایی دەبێتەوە و چیتر وەکو بڤە تەماشا ناکرێت و هەم ئافرەتان ڕێگری ناکەن و هەمیش پیاوان دەتوانن دەستی بۆ ببەن و قەیرە

و بێوەژن کەم دەبێتەوە و تەڵاقدراویش خۆی بەکەم نازانێت و تەواوی کۆمەڵگە دەحەسێتەوە.

وفق الله الجميع لما يحب ويرضى والله أعلم وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

دار بن خزيمة

# حوکمە شەرعیەکانی فرەژنی

شوکر و سوپاسی خوا دەکەین لەسەر نیعمەتی ئیسلام و داوای نیەتپاکی و ئیخلاسی لیَ دەکەین لە تەواوی کردار و گوفتارەکانماندا و هەروەها داواکارین لێی کە بیخاتە سەر تای تەرازووی چاکەکانمان لە قیامەتدا.

بەڕێزان ناونیشانی ئەم بابەتە بریتیە لە " حوکمە شەرعیەکانی بابەتی فرەژنی "

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ) (النِّسَاء : ٣) .

ئیسلام هانی گەنجانی داوە لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری و لەوبارەیەوە پێغەمبەری خوا صلى الله

علیه وسلم فەرموویەتی: «يَا مَعْشَرَ اَلشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ اَلْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ» (متفق علیه) واتە : ئەی کۆمەڵی لاوان هەر یەکێك لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو با ژن بهێنێت ، چونکە زیاتر چاو دەپارێزێت لە بینینی ناڕەوا ، و پارێزەریشە لە کەوتنە داوێن پیسیەوە ، ئەوەش توانای ژن هێنانی نەبوو ، با پەنا بەرێتە بەر ڕۆژوو گرتن ، چونکە سەرکوت کەرەوەی ئارەزووەکانە .

هەروەها هاوەڵانیش ڕەزای خوایان لێ بێت هانی یەکتریان داوە لەسەر ئەو بابەتە و لەو پێناوەشدا ئاسانکاریان بۆ یەکتر کردووە و دەقیش لەوبارەیەوە

زۆرە، یاخود لە پێش هەموویانەوە ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز صلی الله علیه وسلم کاتێك کە جابر ڕەزای خوای لێ بێ هەواڵی پێ دەدات کە هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنێکدا کردووە، جابر دەڵێت: باوکم وەفاتی کرد و حەوت یان نۆ کچی لەدوای خۆی بەجێ هێشت، بۆیە منیش ئافرەتێکی لەو شێوەیەم مارەکرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتیان بکات. بۆیە ئەمیش پێی دەفەرموێت: ئەی جابر ئایا هاوسەرگیریت کردووە؟ دەڵێت: منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: کچ یان بێوەژن؟ دەڵێت: وتم: بێوەژن، ئەویش فەرمووی: ئەی بۆچی کچت نەهێنا بۆ ئەوەی یاری و دەستبازی لەگەڵدا بکەیت و ئەویش لەگەڵ تۆدا بیکات و بتخاتە پێکەنین و تۆش ئەو بخەیتە

پێکەنین؟ دەڵێت: پێم وت: عبدالله ی باوکم مرد و چەند کچێکی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە،منیش پێم خۆش نەبوو یەکێکی وەکو خۆیان بهێنم، بۆیە یەکێکم هێنا کە بتوانێت سەرپەرشتیان بکات و چاودێریان بێت، بۆیە ئەویش فەرمووی: " بارك الله لك " لە لەفزێکی تردا فەرمووی: " أصبت " واتە : تۆ پێکات و کارێکی تەواوت کرد.

جا سەبارەت بە فرەژنی ئەوا خوای گەورە لەوبارەیەوە فەرموویەتی: (وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا ).

ئەمەش دەقێکی ڕوون و ڕاشکاوە لەبارەی ڕێگەدان بە فرەژنی، و لەوبارەیەوە پیاو لە دینی ئیسلامدا بۆی هەیە یەك یان دوان یان سیان یان چوار ژن بهێنێت لەیەك کاتدا، و لەو کاتەدا بۆی نییە زیادی بکات و بیکات بە پێنج، و ئەمەش ڕاڤەکارانی قورئان وشارەزایان و زانایان یەکدەنگ لەسەری و هیچ ڕاجیاوازیەك لەو بارەیەوە نییە، جا جاری وا هەیە فرەژنی دەبێتە سوننەت ئەگەر کەسەکە مەبەستی پاکڕاگرتنی داوێنی خۆی یان ئافرەتێك یان زۆرکردنی ئوممەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، و جاری واش هەیە دەبێتە فەرز ئەگەر هاتوو کەسەکە نەیدەتوانی بەیەك ژن یان دووان خۆی داوێنپاك ڕابگرێت و تووشی تاوان نەبێت، و جاری

واش هەیە حەرامە ئەمەش کاتێك کەسەکە نەیدەتوانی بژێویان لەئەستۆبگرێت و دادگەر نەبوو لەنێوانیاندا و پێی نەدەکرا داوێنپاکی خێزانەکانی ڕابگرێت بەگوێرەی شەرع، ئەمەش زانایان ئاماژەیان بۆ کردووە و بەو پێیەش فرەژنی لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێت و باری کەسەکە بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام ئەوەی تێدایە کە لە بنچینەدا حەڵاڵ و ڕێگەپێدراوە، وەکو خوای گەورە بەڕاشکاوی فەرموویەتی: (فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ)

ئەم ئایەتە دەقێکی صەریحە لەسەر فرەژنی .

## مەرجەكانی فرەژنی

ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەند مەرجێكی داناوە بۆ فرەژنی .

یەكەمیان عەدل و دادپەروەری وەكو خوای گەورە دەفەرموێ : (فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً)

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت كە دادگەری مەرجە بۆ حەڵاڵێتی فرەژنی، جا ئەگەر هاتوو پیاو ترسا و گومانی هەبوو كە ناتوانێت دادگەربێت ئەگەر هاتوو زیاد لەیەك خێزانی هەبوو ئەوا فرەژنی حەرامە لەسەری، و مەبەستیش لە دادگەری نێوان خێزان بریتیە لە یەكسانی لەنێوانیاندا لەبارەی خەرجی و بژێوی و جلوبەرگ و شەومانەوە و دابینكردنی ماڵ و خانوو بۆیان وەكو یەك،

بەڵام یەکسانی لە خۆشویستندا ئەوا ئەستەمە و مەرج نییە و داوا لەپیاو نەکراوە وەکو یەك خۆشیانی بوێت، چونکە ناتوانێت بەوە هەستێت و بەدەستی خۆی نییە، و ئەمەش مانای ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی:

(وَلَن تَسْتَطِيعُوا أَن تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ)، واتە: وە ئەگەر چەندێك سووربن وە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کە دادپەروەر بن لە نێوان خێزانەکانتاندا ناتوانن لە خۆشەویستی و جیماعدا .

**مەرجی دووەمی** حەڵاڵێتی فرەژنی ئەوەیە پیاوەکە توانای دارایی ئەوەندە بێت کە بتوانێت بژێوی خێزانەکانی بەبێ کەموکورتی دابین بکات و یەکسان بێت، بەڵگەش لەسەر ئەم مەرجە ئەم ئایەتەیە کە خوای

گەورە فەرموویەتی: (وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ)

دەبینین لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار فەرمان دەكات بەسەر ئەو کەسەی کە توانای هاوسەرگیری هەیە بەڵام عوزر و بیانوی هەیە کە نایهێنێت بەوەی کە داوێنی خۆی پاك ڕابگرێت، لەو عوزرانەش ئەوەیە کە توانای دابین کردنی بڕەمارەییەکەی نەبێت، و توانای پەیداکردنی بژێویانی نەبێت.

❁❁❁

## ئایا حیكمەت لە شەرعاندنی فرەژنیدا چییە؟

دەبێت سەرەتا ئەوە چاك بزانین كە خوای گەورە دانا و زانایە و هەرچی شتێكی شەرعاندبێت بێ هۆ و حیكمەت نییە و نەبووە، چونكە ئەو زانایە بەحاڵی بەندەكانی، جا لێرەدا بۆ زانینی ئەو حیكمەتە ڕوو دەكەینە وتەی یەكێك لە زانایانی ئوممەت كە شێخ ابن بازە بەڕەحمەت بێت و دەڵێت:

فرەژنی شتێكە خوای گەورە شەرعاندوویەتی بۆ بەندەكانی لەگەڵ بوونی تواناداا، و لەم كارەشدا سوود و بەرژەوەندیەكی زۆری تێدایە بۆ پیاو و ئافرەتەكەش، لەوانە: پیاوی وا هەیە یەك ژن بەس نییە بۆی و پاكێتی خۆی پێ ڕاناگیرێت وبەشی ناكات و تێری ناكات و

ئەشێت ئارەزووی زیادی هەبێت و هەشە دووان یان سیان بەشی ناکات و توانا و ئامادەیی زۆرتر و زیاتری تێدایە، بۆیە خوای گەورە ڕێگایەکی حەڵاڵی بۆ کردۆتەوە بۆ خۆتێرکردن و کپکردنەوەی حەزەکانی لەبری ئەوەی پەنا بۆ ڕێگای ناپەسەند و ناپاکی ببات، بۆیە چوار دانەی بۆ ڕەوا داوە، هەروەها چێژوەرگرتن لە ئافرەت و چاونەبڕینە کەسی تر و تێربوون لەوبارەیەوە و دڵئارامی و هێوربوونەوەی تەواوەتی و دوورکەوتنەوە لە خراپە و داوێن پیسی و دەبێتە هاریکار بۆی بۆ چاوداگرتن لەئاستی نامەحرەم و خۆپاکڕاگرتن، هەروەها دروستکردنی بەرانبەرکێ بۆ ئافرەتان، چونکە هەر ئافرەتە و یەك پیاوی بۆ نییە و دەست ناکەوێت و

ژمارەکە وەکو یەك و چوونیەك نییە بەڵکو ئافرەتان ژمارەیان زیاتر و زۆرترە، بەتایبەت بەهۆی شەڕ و جەنگەکانەوە و بەتایبەتتریش لە کۆتا زەماندا وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کردووە.

بۆیە ڕەحمەتی خوایە کە پیاوێك بۆی هەیە چوار ئافرەت بهێنێت و سەرپەرشتیان بکات، و تەنانەت لەم کارەشدا ڕەچاوکردنی بار و حاڵی ئافرەتانیشە چونکە ئافرەتێك نیو یان چواریەکی پیاوێکیشی هەبێت بە ڕێك وپێکی باشترە لەوەی هیچی نەبێت و سەڵت بێت، چونکە چاودێری دەکات و بژێوی بۆ دابین دەکات و ماڵ و خانوی خۆی دەبێت و منداڵی خۆی دەبێت و ئوممەتیش زۆر دەبێت بەهۆیەوە.

پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: (( تَزَوَّجُوا الوَدُودَ الوَلودَ ، فإني مُكَاثِرٌ بكم الأُمم يومَ القيامةِ))

واتە: ئافرەتێکی خۆشەویستی منداڵ بوو بهێنن چونکە من لەڕۆژی قیامەتدا شانازی بەزۆریتانەوە دەکەم بەسەر ئوممەتەکانی تر .

جا بۆیە زۆرێتی ئەم ئوممەتە ئامانج و کارێکی هان لەسەردراوە، ئەمانە چەندین سوودی تریشی هەیە وەکو دروست بوونی پەیوەندی خزمایەتی زیاتر و خێزانی زۆرتر و پەیوەستی نێوان ئەندامان و کۆمەڵگە و گیانی هاوکاری و هاتوچۆ لەنێوان خێزانی تازە دروست بوو، هەر بۆیەش دەبینین خودی پێغەمبەری خوا صلی

الله علیه وسلم لەچەندین هۆز و بنەماڵە هاوسەرگیری کردبوو، ئەوەش بۆ ئەوەی زیاتر ئیسلام بڵاوببێتەوە.

جا بۆیە واجبە لەسەر ئافرەت کە ئارام بگرێت لەسەر هەویَ یان خێزانی دووەمی مێرد و ئەوە چاك بزانێت کە ئەو کارە مافی مێردەکەیە و ئەمی موسڵمانیش دەبێت صەبر بگرێت لەسەر ئەو کارەی مێردەکەی مادام مافیان بەجوانی و بیَ کەموکورتی دەدات و بۆی نییە داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکات و ئازاری پیاو بدات بەدروست کردنی پشێوی و کێشە.

**هەروەها شێخ ابن عوسەیمینیش چەند سوودێکی فرەژنی ئاماژە پێدەکات و دەڵێت:**

فرەژنی هەندێ جار پێویست و ناچاریشە وەکو ئەوەی کە ئافرەتە پیر وبەساڵاچووبێت یان نەخۆش بێت، جا ئەگەر هاتوو بۆی نەبێت ژنی تر بهێنێت و هەر بەدیار ئەوەوە دابنیشێت ئەوا ئەگەری تووش بوون بەزینای هەیە و ئەگەریش تەڵاقی بدات ئەوا ئەو ژنە و منداڵەکانی لێك جیادەبنەوە و سیلەی ڕەحم دەپچڕێت بۆیە تەنها چارە بریتیە لە فرەژنی و هاوسەری تری هەبێت.

- هاوسەرگیری هۆکارە بۆ دروست بوونی پەیوەندی خزمایەتی و هاوشانی نەسەبە، وەکو خوای

گەورە فەرموویەتی: (وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا)

- پاراستنی ژمارەیەکی زۆرتری ئافرەتانی تێدایە هەر لە دابین کردن و پڕکردنەوەی پێویستیەکانیان و فەراهەم کردنی ماڵ و خانوو بۆیان و زۆربوونی منداڵ.

- پیاوی وا هەیە ئارەزووی جنسی زۆر و بەتینە و یەك ئافرەت بەشی ناکات و بەس نییە بۆی و ترسی زینای لێ دەکرێت ئەگەر هاتوو ئەو دەرگایەی لێ دابخرێت، ئەمەش لەڕەحمەتی خواوەیە کە ئەو دەرگایەی بۆ واڵاکردوون و سوودەکەشی بۆ تاك و کۆمەڵگایە بەگشتی.

**بابەتێکی گرنگ** و پێویست هەیە کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەویش بریتیە لە خۆشویستی یەکێکیان زیاتر و مەیلی زۆرتری دڵ بۆ یەکێکیان، کە کارێکی دروستە و خوای گەورە فەرموویەتی: (وَلَن تَسْتَطِيعُوا أَن تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ) واتە: وە ئەگەر چەندێك سووربن وە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کە دادپەروەر بن لە نێوان خێزانەکانتاندا ناتوانن لە خۆشەویستی و جیماعدا [فَلاَ تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ] با مەیلتان بەلای یەکێکیاندا نەبێ واز لەوانەی تر بێنن وەکو هەڵواسراوی نە ئەوەتا خێزانی بێ کە بچێتە لای و لێی نزیك بێتەوە نە ئەوەتا تەلاقیشی دابێ کە بتوانێ بۆ خۆی شوو بکاتەوە .

**پێشەوا شافعی بەڕەحمەت بێت دەڵێت:** هەندێ لەزانایانی تەفسیر وتویانە واتە ئێوە ناتوانن لەدڵ و ناخدا دادگەربن بەرانبەر بەخێزانەکانتان، چونکە خوای گەورە چاوپۆشی کردووە لەپیاوان لەو بارەیەوە، بەڵام بەکردار شوێنی ئەو حەزە زیادەیە مەکەون، خواش زاناترە.

وە پێشەوا بوخاریش ناونیشانێکی داناوە لەسەر فەرموودەکەی عەمری کوڕی عاص ڕەزای خوای لێ بێت کە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و وتی خۆشەویستترین کەس کێیە بەلاتەوە؟ ئەویش فەرمووی: عائیشە، وترا: لە پیاوان؟ ئەویش فەرمووی: باوکی.

پێشەوا بوخاری بەڕەحمەت بێت بابێکی داناوە بەناوی : خۆشویستنی ژنێك لە لایەن پیاوێکەوە زیاتر لە ژنەکانی تری.

## ئامۆژگاری کۆتایی

کۆتایی بەم نووسینە دەهێنین بە ئامۆژگاری کردنی هاوسەر و خێزانی یەکەم و دووەم .

**سەرەتا بە هاوسەر دەڵێین:** دادپەروەر بە لەنێوان خێزانەکانتاندا و هەوڵ بدە تەنانەت لەو شتانەشدا کە واجب نین لەسەرت و لەخوا بترسە لەوەی زیاتر ڕوو بەیەکێکیان بدەیت و ئەوی تریان پشتگوێ بخەیت و دادگەربە لەنێوان منداڵەکانت و خێزانەکانتدا و دڵیان لەیەکتر نزیکتر بکەرەوە و زۆر وەسف و ستایشی

خێزانەکانت بکە و تێیان بگەیەنە کە خۆشەویستی و ڕێزلێگرتن بوونی نییە مەگەر بە گوێڕایەڵی کردنی خوا و ڕازی کردنی هاوسەر نەبێت  و قسەی هیچ یەکێکیان مەگوازەرەوە بۆ ئەوی تر، متمانە بەنهێنی پارێزی یەکێکیان مەکە و شانازی بکەیت بەوەی نهێنیت لای یەکێکیان هەیە، و هەرگیز وەسفی جوانی و دەسترەنگینی و ڕەوشت باشی یەکێکیان لەپێش چاوی یەکێکی تریان نەکەیت و نەکەیت هەرگیز گوێ لە ڕەخنەی و گلەیی و گازەندەی یەکێکیان بگریت دەربارەی ئەوی تر، جا بەم شێوەیە فێڵ و ڕقی ئەوان لەدڵی یەکتردا دەکوژێت و دادەمرکێتەوە.

**ئامۆژگاری بۆ خێزانی یەکەم:** لەخوا بترسە و ئارام بگرە و بشزانە کە جگە لەمە زیانی بۆ دینەکەت هەیە و ئەو هەڵانە چاك بکەرەوە کە مێردەکەت ئاگادارت دەکاتەوە لەسەری و دوور نییە هەر ئەو هەڵانەت بووبێتە هۆی ئەوەی مێردەکەت ژنێکی تر بهێنێت، و ئەگەر تۆ لەسەریان بەردەوام بیت ئەوا بەزیان دەشکێتەوە و ئیسڵاح نابێت، و زۆر باسی چاکەی مێردەکەت لای کەسوکارت و هاوڕێکانت بکە و گرنگی پێ بدە و هەرگیز گوێ مەگرە بۆ قسەی ئەوانەی ڕقیان لێتانە و قسە دەهێنن و دەبەن لەنێوانتاندا و قسەی نەشیاو بە خێزانی دووەم نەکەیت و منداڵەکانی وەکو دوژمن تەماشا مەکە چونکە برا و خوشکی منداڵەکانی تۆن و مەهێڵە ببن بە یاری دەستی شەیتان و ناحەزان و بەردەوام پشت بەخوا ببەستە و دوعا بکە.

**ئامۆژگاری بۆ خێزانی دووەم:** بزانە کە ڕازی بوونت بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ پیاوێکدا کە خێزاندارە نیشانەی دین و تەقوایە بەویستی خوا و لەمە تێبگە و چاوەڕێی پاداشتی لای خوا بە و کاتێ سەرەی مێردەکەت لای خێزانی یەکەمیەتی خۆت سەرقاڵ بکە بە قورئان خوێندنەوە و گوێ گرتن لە شتی بەسوود و وانەی شەرعی و خوێندنەوە و ماڵ پاککردنەوە و گرنگی دان بەخۆت و ببە بانگخواز بۆ لای خوا بەڕەوشت جوانیت، خەڵکی تێبگەیەنە لە حیکمەتی خوا لەشەرعاندنی فرەژنی و ئافرەتانی تر سارد مەکەرەوە لەوەی شوو بە خێزاندار بکەن، و کەمتەرخەمی مەکە لە هاوکاری کردنی هەوێ و منداڵەکانی ئەگەر پێویستیان

پێت بوو چونکە ئەوە پاداشتی تێدایە لای خوا و مێردەکەتیش لێت ڕازی دەبێت، و خۆشەویستی نێو خێزانەکەتان زۆرتر دەبێت وبەرجەستە دەبێت، وا پیشان مەدە لای خەڵکی کە مێردەکەت لەڕقی خێزانی یەکەمیدا هاوسەرگیری کردۆتەوە و لەبەر کەمتەرخی ئەو بووە و هەوڵ مەدە بکەویتە نێوان و مێردەکەت و خێزانی یەکەمی چونکە ئەو یەکێکە لەتاوانە گەورەکان و سەردەکیشێت بۆ درۆ و بوهتان و حەسوودی و فیتنەیی و ڕق بون لە موسڵمان وچەندین تاوانی تر.

**وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org walamakan.com**

نوسینی : إبراهيم بن عبد الله المزروعي